# فرۆنتپەیج بە کوردی

2004-07-28 | سەرەتایەک بۆ دروستکردنی ماڵپەڕ | نووسەر : ئاسۆ نادری

زۆر ئیمەیلم بەدەست گەیشتووە کە تێدا داواکاران داوای ئەوەیان کردووە کە چۆن دەست بکەن بە دروستکردنی ماڵپەڕێک لە بناغەوە. بۆیە منیش دەستم دایە نووسینی ئەم وانەیە کە تێیدا بە گشتیی و وردی شیدەکەمەوە چۆن دەست بکەیت بە دروستکردنی پەڕەکانی ماڵپەڕەکەت و پاشان چۆن بینێریتە سەر ئینتەرنێت کە خەڵکانی دیکە بیبینن.

پێش هەموو شتێک دەبێ مەبەستت ڕوون بێت لەوەی کە تۆ چ جۆرە ماڵپەڕێک دروستدەکەیت، چونکە هەموو جۆرە ماڵپەڕێک نابێت لە شێوەو دیزایندا وەک یەکبن.

پاش ئەوەی کە بڕیارت داو ویستت دەست بکەیت بە دروستکردنی پەڕەکانی ماڵپەڕەکەت دەبێ ئەوەش بزانیت کە هەر ماڵپەڕێک لە چەندین پەڕە پێکدێت و بە هەموویانەوە ماڵپەڕێک پێکدێنن.

یەکەم هەنگاو » پێویستت بە پرۆگرامێک دەبێت کە بتوانی پەڕەکانی ماڵپەڕەکەتی پێ دروستبکەیت، پرۆگرام زۆرە، بەڵام من Microsoft Frontpageـم لە هەموویان پێ باشترە.

بۆ ئەوەی فێربی کە چۆن پەڕەکانی ماڵپەڕەکەت دروست بکەیت و دەستکاریان بکەیت، تکایە ئێرە کرتە بکە.

بوخچەیەکی نوێ بکەوە لە نێو کۆمپیوتەرەکەت و تایبەتی بکە بۆ ماڵپەڕەکەت و هەموو شتەکانی نێو ماڵپەڕەکەت لەوێدا هەڵبگرە.

پاش ئەوەی کە پەڕەکانی ماڵپەڕەکەتت دروستکردو ئامادەبوون بۆ ئەوەی خەڵکانی دیکە بیبینن، پێویستت بە شوێنێک دەبێت لە ئینتەرنێت کە ئەو پەڕانەی تێدا دابنێیت بۆ ئەوەی کەسانی دیکە بتوونن بیبینن. ئەوەش دوو شێوەی هەیە 1» دەتوانی پارە بدەیت و شوێنێکی تایبەت بکڕیت ئەو کاتە ماڵپەڕەکەت بە بێ ڕێکلامی خانەخوێ دەبێت. 2» دەتوانی شوێنێکی خۆڕایی دابین بکەیت و ماڵپەڕەکەتی تێدا دابنێیت. لەو جێگە خۆڕاییانەش زۆرن، دەبێ خۆت لەوێدا بکەی بە ئەندام، ئەوکات شوێنێکت پێدەدرێت بۆ دانانی پەڕەکانی ماڵپەڕەکەت تێیدا.

بۆ نموونە

Tripod , Geocities

شوێنی دیکەش هەیە، بەڵام ئەو دوو دانەیەی سەرەوە بەناوبانگتریانن.

دەتوانی لەیەکێک لەو دوو سایتەی سەرەوە خۆت بکەیت بە ئەندام و پاشان دەتوانی پەڕەکانت لە ڕێگەی File Uploaderـی ئەو سایتانەوە پەڕەکانی نێو کۆمپیوتەرەکەت بنێریتە سەر ئینتەرنێت. بۆ نموونە پەڕەی ئەم وانەیە، من دروستم کردو پاشان ڕۆیشتم بۆ Geocities و لەوێدا ناردمە سەر ئینتەرنێت، پاشان ناوونیشانەکەی بەم شێوە دەبێت،

http://www.geocities.com/asssso2001/Homepage/Homepage.htm

کۆتایی

چاپکردن

http://fp.all4kurds.net فرۆنتپەیج بە کوردی